## ئەنفالكراوێك:

ئاوا سەیری ناوچاوی سەدام دەكەم و قسەی لەسەر دەكەم، لەبەر ئەوەی من لە سەر حەقم ناترسم، ئەوە ئەوە دەبێت بترسێت كە من لە دادگا پەلاماری نەدەم

حەز ناكەم سەدام بكوژرێ و ئامادەشم لە دادگا شایەتی لەسەر تاوانەكانی بدەم

ئەگەر من حاكم بم نایكوژم، نایكەمە قارەمان بۆ سەربڕەكانی بەعس، ئەیهێڵمەوە، ئەیكەم بە گاڵتەی هەموو دونیا

100 كەس 100كەس هەموویان جیا دەكردەوە، كە ئەیوت 99- 100 سەرەی منالە كۆرپەكە بوایە، لە دایكەكەی جیا ئەكردەوە ئەی هێنا

پارەمان كۆكردەوە لە ناو پاسەكە ئاومان بۆ بێنێ، پارەكەیشی خوارد كابرای ئیستخبارات

عارەقی خۆمان خوارد لە تینووا، تەمووز بوو، ئاگرباران بوو

كابرایەكی كاكەیی هەر هەڵەسایە سەرپێ داوای ئاوی دەكرد، ئاخری ئەو موقەدەم ئێحسانە ئەونە كێبلی لێیا ئەو شەوە مرد

رۆژی وا هەبوو 7نەفەر 8نەفەر 10نەفەر تا 12 نەفەرمان لێ ئەمرد

عەموودی تەلەفوونەكە لەبەر دەرگای ماڵی باوكمە لە سەید سایق لە بەر ئەوە پێمان دەڵێن ماڵە پارتییەكە تەلەفوونمان پێنادەن

## ئا: سالار بابەشێخ

"عیرفان حەمە سەعید عارف" لە دایكبووی ساڵی(1974)ە وخەڵكی هەڵەبجەی شەهیدە و دوو منداڵی هەیە بە ناوەكانی فەرزانە و فەرهەنگ كە پۆلی 1 و پۆلی 4 ی سەرەتایین. برایەكی ناوبراو ساڵی 85 لە بەرەی شەڕی سوپای داگیركەری عێراق و پێشمەرگەدا "لە خۆرنەوەزان لە سەرووی ئەحماوا شەهید بووە، ئێستەش قەبرەكەی لە بانەیە، گوللە لە ناودەمی یا لە گەڵ حەمەی رەمەزان"، خودی عیرفانیش هەتا ئێستاش پێشمەرگەیە و لە هەولێر دەوام دەكات.
لە تەمەنی نەوجەوانیدا خۆی و بنەماڵەكەی بەر شاڵاوی ئەنفاڵ كەوتوون و ئەشكەنجە و مەرگومێر و فەلاقەكانی ئۆردووگەی "نوگرە سەلمان"ی بە باشی لە خەزێنەی بیرەوەرییە تاڵەكانیدا هەڵگرتووە، دڵی پڕە لە زووخاوی رۆژانی ئەنفاڵ و كیمیاباران، كاتێك باسی دادگەییكردنی سەدام دەكرێت رۆخساری دەگەشێتەوە و لە گەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەك حەز ناكات سەدام و دارودەستەكەی لە سێدارە بدرێن، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر من حاكم بم نایكوژم، نایكەمە قارەمان بۆ سەربڕەكانی بەعس، ئەیهێڵمەوە، ئەیكەم بە گاڵتەی هەموو دونیا". عیرفان بەر لەوەی لاپەڕەی بیرەوەرییە تاڵەكانی ژیانی هەڵداتەوە و پێش ئەوەی باسی رۆژانی ئەنفال بكات دەڵێت "ئامادەم شایەتی لەسەر تاوانەكانی سەدام بدەم، حەزیش ناكەم سەدام بكوژرێ، لەبەر ئەوەی كوشتن یەكجارە و نەجاتی ئەبێ حەز ئەكەم هەموو رۆژێك بەچاوی خۆم بە زەلیلی بیبینم".
كاتێك جگەرەیەكی داگیرساند و ئامادە بوو لە بارەی ئۆردووگەی "نوگرەسەڵمان"ەوە بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی كوردستان راپۆرت بدوێت، خەم دایگرت و بە وردی هەموو بەسەرهاتەكانی باس كرد و بەمجۆرە هاتە ئاخافتن: "ساڵی 1988 كە كیمیاوی یای لە هەڵەبجە، بوو بە حەشر، هەر خەڵك بوو بەر ئەبوونەوە، ئێمە سەیارەمان هەبوو بە پەلە دەرچووین، چووین بۆ ئێران، چووینە ماڵی خزمێكی خۆمان لە پاوە، لە پاوە ئۆردوگای سەریاز كرایەوە، چووینە ئۆردوگای سەریاز، دوای 6 مانگ، كە كەوتینە ساڵی 89 وتیان سەدام عەفواتی داوە و خەڵك دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ عێراق و هەرچی پارەتان هەیە بۆتان دەكەنەوە بە دینار، مەبەستیان تمەنەكە بوو، گوتیان خانووەكانی هەڵەبجەشتان ئەدەینەوە بچنەوە ناوی، ئێمەش لێمان ئا، هاتینەو بۆ عێراق".

وەك باسیكرد لە كاتی گەڕانەوەدا حكومەتی ئیران گەلأبەی بۆ گرتوون و ڕەوانەی ڕۆژهەلأتی كوردستانیانی كردۆتەوە، لە گەڕانەوەدا شەوێك لە تەوێڵە لە ژێر چاودێری سوپای عێراقیدا دەمێننەوە، ژیانی تراژیدیای عیرفان بە سوار بوونی ئاخچەمەكان دەست پێدەكات و بەمجۆرە باسی ئەو ڕۆژە تالأنە دەكات: "بۆ سبەینێ سواری ئاخچەمەكانیان كردین، هێنامانیان بۆ سلێمانی، لە سلێمانی بە گەلأبەكان بردینیانە تەوارییەكەی چوارباخ، هەفتەیەك لەوێ هێلأیانینەوە، دوای هەفتەكە، گەنجەكانیان جیا كردە و منالٚ و ژن و پیریشیان جیاكردە، 100 كەس 100كەس هەموویان جیا دەكردەوە، كە ئەیوت99– 100 سەرەی منالە كۆرپەكە بوایە لە دایكەكەی جیا ئەكردەوە ئەی هێنا، من كە خۆم گەنج بووم خستمیانە ناو پاسێكی 18 نەفەری، یەكسەر بۆ كوێ ؟ بۆ "نوگرە سەلمان" پارەشمان كۆ كردەوە لە ناو پاسەكە ئاومان بۆ بێنێ، پارەكەیشی خوارد كابرای ئیستخبارات و عەسكەرییەكە، ئیتر عارەقی خۆمان خوارد لە تینووا، تەمووز بوو، ئاگرباران بوو، كە بردینیانە نوگرە سەلمان لەوێ كابرایەك ناوی موقەدەم ئێحسان بوو، دای ناین قسەمان بۆ بكا، ئەو شەوە، كابرایەكی پیر هاواری بوو، كاكەیی بوو، هەر هەڵەسایە سەر پێ داوای ئاوی دەكرد، ئاخری ئەو موقەدەم ئێحسانە ئەونە كێبلٚی لێیا ئەو شەوە مرد، ناوەكەیم لە فكر چووەتەوە بەس ئەونە ئەزانم كاكەیی بوو، دوای ئەوە بردینیانە قاعەكانی نوگرەسەلمان، نزیكەی 15 شەوی تیا بووین، ڕۆژی وا هەبوو 7نەفەر 8نەفەر 10نەفەر تا 12 نەفەرمان لێ ئەمرد، ئاو نەبوو بیشۆن هەر بە جلەكانی خۆیەوە ئەمانخستە سەر عەرەبانەكە و یەكسەر بۆ كوێ؟ بۆ ئەوبەری سجنەكە و ئەمانكردن بە ژێر لمەوە، بەلأم سەگ دوای ئێمە دەری ئەهێنا ئەیخوارد".

وەك باسی دەكات نوگرە سەلمان دۆزەخێك بووە كە بۆ مرۆڤی كورد دروست كراوە، بینینی ئەم دۆزەخە لە قسەكانی عیرفاندا دەر دەكەوێت كە دەڵێت " ئەرێ وەڵلأهی وەبیلاهی هەر هەمووم لە بیرە، وەرە ئەتبەمە سەر شوێنی هەموو مردووەكان، ڕۆژێكیان كەس نەبوو مردوو بنێژێ، گەرم بوو، لەوكاتە عەقڵم پێی نەئەشكا، باوكم پێی ووتم هەر چی جلمان هەیە بیكە بەرت، با گەرما نەتبا، مردووەكەمان خستە سەر عەرەبانە بردمان بینێژین، لم بوو هەرچی خاكەنازمان پیا ئەكرد هەر دائەتەپی، ئاخری كردمان بە ژێر لمەكەوە، بۆیە هەموو ئەو مردووانە سەگ دەیخواردن".

ئێمەیان بردە خەستەخانەی سەماوە لەوێ ئەو گۆشتەیان پێ ئەداین ئەو گۆشتەی پێی ئەڵێن "كەرغەر" و یەكسەر لەوێوە بۆ سلێمانی كاتێ بەریان یاین لە بایجان بەریان یان بەلأم سەیارەمان گیرابوو، ماڵمان گیرابوو، ئەو هەموو فەرش و شتەمان لێگیرا، هەر وەك بەفری پار و پیرار توانەوە بەعسییەكان خواردیان، ئێمە بەر عەفوات كەوتین دەنا هەموومان لە نوگرە سەلمان دەبووین بە ژێر لمەوە و سەگ تەرمەكانی دەخواردین".

عیرفان دەڵێت "چەند ساڵە خۆم و دوو برام پێشمەرگەین و ئاوارەی موتەفرقەیشین هەرچی دەربەدەری و بزم و ڕەزممان بەسەر هاتووە، كەچی حكومەت تا ئێستا هیچی بۆ نەكردووین، عەموودی تەلەفوونەكە لەبەر دەرگای ماڵی باوكمە لە سەید سایق لە بەر ئەوە پێمان دەڵێن ماڵە پارتییەكە تەلەفوونمان پێنادەن"،

لە گەڵ ئەو هەموو چەرمەسەری و بێبەشبوونەشدا ئامادەیە لە دادگە سكالأی خۆی لە دژی سەدام تۆمار بكات و شایەتی لە سەر تاوانەكانی ڕژێمی بەعس و سەدام و دارودەستەكەی بدات، ئەو پێیوایە ئەگەر لە دادگە ئامادە بكرێت سەدام دەبێت ترسی لێ بنیشێ، عیرفان لەمبارەیەوە گوتی "منیش ئامادەم بچم قسە بكەم لە سەر سەدام لە دادگا، ئاوا سەیری ناوچاوی سەدام دەكەم و قسەی لەسەر دەكەم، لەبەر ئەوەی من لە سەر حەقم ناترسم، ئەوە ئەوە دەبێت بترسێت كە من لە دادگا پەلاماری نەدەم" .

لە بارەی لە سێدارەدانی سەدام و باوبنەكەی گوتی "حەز ناكەم سەدام بكوژرێ، لەبەر ئەوەی كوشتن یەكجارە و نەجاتی ئەبێ، حەز ئەكەم هەموو ڕۆژێك بیبینم لە بەچاوی خۆم بە زەلیلی بیبینم، ئەگەر من حاكم بم نایكوژم، نایكەمە قارەمان بۆ سەربڕەكانی بەعس، ئەیهێڵمەوە ئەیكەم بە گاڵتەی هەموو دونیا".

وەك دوا قسەش گوتی "داوا لە حكومەت دەكەم چۆن ئاوڕی لە شەهیدانی لقی یەك و لقی دوو داوەتەوە ئاواش ئاوڕێك لە شەهیدانی لقی 4 و لقی 12 و لقی 3 و لقی 11 بداتەوە، ڕۆژ ڕۆژی ئەوەیە ئینسان بژی، 8 مانگ مەعاش نەبوو ئێمە هەر پێشمەرگەبووین و كۆڵمان نەدا، ئێمە هیچكمان نییە بژین".